بیرەوەریەکانی فەقیەکی گوومەڵ..20… شەماڵ بارەوانی

بەشی بیستەم

فەقیەک، لە دژایەتی ژنەوە، بە سەنگەری فەمینیستەکان..!

ڕۆژگارێکی سەیرە گیانە!
من سوێندم خوارد و بڕۆنم دا، کە پێنج هەزار کتێب بخوێنمەوە، تا دژایەتی مەهابادی قڕداغی و ڕێکخراوەکانی فەمینیستەکان و بزووتنەوەکانی مافی ژنانی پێ بکەم، کەچی دواتر لەمیانی خوێندنەوەی بڕدەوامی چەندساڵەی چەندهەزار کتێب و بیرکردنەوە و تێڕامان و بڕاوردکاری، سەرەنجام تووشی گۆڕانی فیکری بووم و لە جیاتی دژایەتی کردنەکە، دەیان شیعر و تار و نووسین و بابەتم سەبارەت بە خەباتی فەمینستی و سەربەستی ژن و مافەکانی، ژن و خوێن و ئازادیەکانی ژن، ژن و ئازار و موعاناتەکانی، ژن و دژایەتی کردنی ئەقڵی نەرسالاری و جیاکاری ڕەگەزی، لە پێناو ژنبوون و یەکسانی جێندەری، لەسەر ڕەگەزی دووەمی سیمۆن دیبۆڤوار و حەوت ڕەهانی نەوال سەعداوی و پێنج ڕەهانی فەزیلە ئەلفاروق نووسی و لە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕدا، بڵاوبوونەوە.

کتێبی یەکەمیشم، کە بەرهەمێکی شیعری بوو و لەساڵی ٢٠٢٠، یەکەم چاپی لە ژێر نانویشانی"مەملەکەتی ژن کوژان" لە بڵاوبوونەوە.

سێیەم کتێبی شیعریشم"ئەمشەو تەنیایی دادگیرسێنم" کە ئێستاوا لەژێر چاپە و لەو ڕۆژانە بڵاودەبێتەوە.
لە کەی سی و شەش شیعری نێو کتێبەکە، هەشت دانیان بە ئازادی و ئازار و خەم و ماف و تراژیدیاکانی ژنە.

بەشێوەیەك بەرگری لە مافەکانی ژن دەکەم و دژی ئەقڵیەتی نەرسالاری دەنووسم، تەنانەت بەشێک لە پیاوەکان بەوە تۆمەت بارم دەکەن، کە زۆر ژنانە دەنووسم و ڕۆشتومەتە سەنگەری فەمینزمەکانەوە و دژایەتی پیاو و نێر دەکەم.

ئەوەش بڵێم: من بەگومان لە سەنگەی مرۆڤ بوونم و باوەڕی تەواومەوە بە یەکسانی جێندەریەوە ئەو قسەیە دەکەم، چۆن پیاوسالاری نەخۆشیەکی کوشندە و دیاردەیەکی قێزەون و نامرۆڤانە و دڕندەیە و

کەمڵە و مرۆڤایەتی تووشی پەرتەوازەیی و دووبەرەکی و ئیفلیج و دەرد و بەڵاو ئافات و ماوەرانی دەکات، ژن سالاریش هەمان شێوە.

بۆیە ئەمە دەبێت دایمە مرۆڤ سالارانە بیربکەینەوە و ژیان بکەین، ئەو دیواری جیاکاری ڕەگەزییە بەمڵنین، کە لەسەر بنەمای جیاکاری جێندەری لێنەوان هەردووک ڕەگەزدا ڕێنراوە.

ئەو ئۆقیانۆسە نەرسالارییە نەخشە لێناو بەرین و مرۆڤکان لێبە مانایی و مەترسیەکانیدا ئاگادارکەینەوە و هەموان لە ڕەگای پەروەردە و یاسا، خەزان و ڕاگەیاندنەوە، ئاشنای چەمکی یەکسانی جێندەری بکەین.

ئەمە دەبێت هەردووك ڕەگەز، خەبات بۆ ئەوە بکەین، کە جیاکاری ڕەگەزی نەمێنێت و یەکسانی جێندەری ببێت بە یاسا و کولتوور و، لەدەستوور و لێناو ئۆقە و مینتاڵێنت و هۆشیاری تاکدا بچەسپێت و پەرژینی ئۆقیانۆسی نەرسالاری بۆیەکجاری بەمێنێت.

توندڕەیی و زیادەڕەوی چ لای پیاو لە دژی ژنەوە بێت، چ لای ژن، لە دژی پیاوەوە بێت، هەردووکی تراژیدیا و ماوەرانکەر و نامرۆڤانەیە.
ئەمە دەبێت هەردووک ڕەگەز، دەست لێناو دەست و شان بەشان، کار بۆ سینەوەی بیری نەرسالاری و جیاکاری ڕەگەزی بکەین، کار بۆ نەهێشانی ئاسەوارە خراپەکانی ئەو ئۆقیانۆسە پاتریاریکیە بکەین. دووبارە مرۆڤ بهێنینەوە سەر سکە ساخڵەم و ڕەگەز ڕاستەکە، ئەویش ڕەگەزی مرۆڤ بوون و یەکسانییە.

ڕەکخراوی ئافرەتان هەیە تۆندن زەر، لە گۆڤار و ماڵپەڕەکانیان ڤیتەی پیاویان کردووە و تەنها نووسینی نووسەرە ژنەکان بڵاو دەکەنەوە و من وتار و شیعرم بۆ ناردوون پێیان گوتووم تەنها هی نووسەرە ژنەکان بڵاو دەکەینەوە، جا مەهەزڵەکە ئەویە، ئەو شیعر و تارانەی بۆم ناردن، هەموویم بۆ خەمەکانی ئافرەت و ئازادی و ئازارەکانی ژن نووسیون.

وتارەکیشم لەسەر ئەوە نووسیوە و لە کەمڵەک گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕدا بڵاو بووەوە، لە ژێرناونیشانی(مروۆ بوونمان لێنەوان بەرداشی ژن سالاری و پیاو سالاریدا).

بەڵاستی ئەوە کارساتە، ئەمە خەبات بۆ ئەوەدەکەین تاکو جیاکاری ڕەگەزی نەمێنێت،

تە دووبارە دەیت و هەمان هەڵەی نەرسالاران دووبارە دەکەیتەوە و دووبارە دیوارێکیتری کەنکریتی مە سالاری و ژن سالاری، لە بەرامبەر دیواری نەرسالاری چەدەکەیت و تراژیدیای جیاکاری ڕەگەزی قوڵتردەکەیتەوە و قوڵی ئەو جیاکارییە جەندەری و ڕەگەزیە نامرۆڤانەیە بە ژیانی مرۆڤایەتی خەستر دەکەیتەوە و تەشەنوجات و حەساسیەت و دوو بەرەکی و دوو کەرت بوون و دوورکەوتنەوە دەخەیتە نێوان هەردوو ڕەگەزەوە!

ئینجا ئەو خانمە بەڕەزانە و گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕە و یەکێتیەکیان، دەبە دەستخەشی لە هەر نەرەک و پیاوێک بکەن، کە پشتگیری مافەکان و داوا ڕەواکان و ئازادیەکانی ژن دەکات و لە ئازار و نەهامەتی و تراژیدیا و دەزەخی ژیانی ژنان تەدەگات و دەچێتە بەری ژنان و سەنگەری فەمینیزم بوون و دژی ئەقڵیەتی نەرسالاری و چەوسانەوەی ژن و سەلبکردنی ئازادیەکانی ژن و لەژن خستن و لە مرۆڤ خستنی ژن، دەوەستێتەوە، نەک قیتە بخەنە سەر پیاو دیوارێکیتری ژن سالاری، لەپاڵ دیوارە نەرسالاریەکە دروستکەن و هەردووک ڕەگەز هەندەی تر بکەن بە دژ و دووژمنی یەکتری و لە یەکتریان دوور خەنەوە!